# نزیکترینی خەڵکی لە خوای گەورە ئەوانەن کە لە سەرەتادا سەلام دەکەن

لە ئەبی ئومامەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «نزیکترینی خەڵکی لە خوای گەورە ئەوانەن کە لە سەرەتادا سەلام دەکەن ». ولە گێڕانەوەی (الترمذي)دا: ووترا: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەگەر دوو کەس بە یەکتر بگەن کامیان سەرەتا سەلام بکات؟ ئەویش فەرمووی: «ئەوەیان نزیکترە لە خودا».

[صەحیحە] [تورموزی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

خێرترینی خەڵکی ونزیکترینیان لە پەرستنی خوای گەورە ئەو کەسەیە کە سەرەتا سەلام دەکات لە براکانی چونکە ئەو سەرەتا دەستیکرد بە ئەنجامدانی پەرستنێک کە ئەویش سەلامکردنە وخێرا بوو لە ئەنجامدانی ئەمیش بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی وپاداشتی خوای گەورە، وئەمیش بووە هۆی ئەوەی نزیکتر ببێتەوە لە خوای گەورە وزیاتر ملکەچی فەرمانەکانی بێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3621